نێچیرڤان بارزانی: پەداگریی لەسەر پەویستیی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران دەکەین

نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران پەیامێکی بۆ کردووە و ڕایگەیاند، پشتگیریی تەواوی مافەکانی کرێکاران و داوا ڕەواکانیان لەو هەرێمی کوردستان دەکەینەوە.

گوتیشی: پەداگریی لەسەر پەویستیی دابینکردنی ژینگەیەکی کاری ئارام و بەدیهێنانی دادپەروەری لە هاڵەکانی کار و ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران دەکەین.

دەقی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی یەکی ئایار، جەژنی جیهانیی کرێکارانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێش بە هەموو کرێکارانی کوردستان، عێراق و جیهان و ڕێکخراوەکانیان دەکەم. هەنج و کۆشش و ماندووبوونیان لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە و بەشداریی کارا و بنەڕەتییان لە پێشخستن و گەشەسەندنی وڵاتدا، بەرز دەنرخێنم.

جەخت لەسەر پشتگیریی تەواوی مافەکانی کرێکاران و داوا ڕەواکانیان لەگەڵ هەرەمی کوردستان دەکەینەوە، هەروەها پێداگری لەسەر پێویستیی دابینکردنی ژینگەیەکی کاری ئارام و بەدیهێنانی دادپەروەری لە هەلومەرجی کار و چەکخستنی پێوەندیی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران دەکەین لەسەر بنەمایەک کە شکڵی کرێکار بپارێزێت و دڵنیایی گوزەران و ژیانیان، مسۆگەر بکات.

هەر بەم بۆنەیەوە، بە چەزەوە هەموو ئەو کرێکارانەی بەبیردەهێنینەوە کە لە کاتی کاردا گیانیان لەدەست داوە و سێاو لە خۆزان و کەسوکاریان دەکەین. جەخت دەکەینەوە کە لایەنە پێوەندیدارەکان دەبێ چاودێریی خۆزانەکانیان بکەن و هەموو پشتیوانی و هاوکارییەکی پێویستیان بۆ فەراهەم بکرێت.

هیوای پشوویەکی ئارام و ئاسوودەی بۆ هەموو کرێکاران و سەرکەوتن لەگەڵ هەوڵ و خەباتیان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەخوازم.